کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-5-2007 21:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئیسلامی سیاسی یان ئیسلامی چالاک .. بەشی دووەم ... خالید عەلی فەرەج ـ سوید



دەرکەوتنی بیرۆکەی ئەم جۆرە بزوتنەوانە لە ناو دەوڵەتێکی ژێر دەستەی بێگانەی وەك هیندستاندا، پاشان کشان و گەشە پیدانی ئەم دیاردەیە لە پاکستان، بەرامبەر بە سەرهەڵنەدانی لە ناو وولاتە عەرەبییەکاندا کە شوێنی سەرچاوەی ئایینەکەیە، بەلای منەوە تەنها هۆکارێك هەیە، ئەوەش بەشەرعی دانانی دەوڵەتی سەردەمە لەلایەن موسوڵمانانەوە کە لەڕوانگەی ئایینەکەوە ڕازی بوون بە گوزەران لەژێر سایەی دەوڵەتێکی شەرعی وەك خەلافەتی عوسمانیەکان و ڕازی نەبوون بەو گوزەرانەی کە لەژێر سایەی حکومەتێکی ناشەرعی سەربە بەریتانیەکان کە پەیڕەو کراوە لە هیندستان و بەو مانایەی بەدەرە لە ڕەوتی ئیسلامی، کە ڕەزامەندی پەروەردگاری پێوە بەندە بۆ وەرگرتنی خواپەرستیەکەیان کە ئەمە کراوەتە ئەرکێکی سەرشانی موسوڵمانان، ئەوەیش لە بنەما بنچینەییەکانی ئایینی ئیسلامدا دیاری کراوە.

لەلایەکی ترەوە بەو واتایەی وولاتە عەرەبییەکان لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتێکی شەرعی وەك عوسمانییەکاندا بوون کە ڕەمزی خەلافەتی ئیسلامی هەڵگرتبوو بەپێی شەرعی ئایینی ئیسلام نەك هەر گوزەران کردن شەرعییە بەڵکو پێویست بوو پارێزگاریشی لێبکەن، پاشان لە ئەنجامی ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانیدا و وەلانانی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن ئەتاتورکەوە لە ساڵی 1924 دا، لێرەوە چالاکی ڕابوونی ئیسلامگەرایی لەم ناوچانەشدا دەرکەوت و هەوڵی بەشەرعی کردنەوەی دەوڵەت کرایە ئەرکێکی ئایینی لەسەر موسوڵمانەکان.

لەهەمان کاتدا لەکوردستانیشدا بەهۆی خواستی ئازادیخوازیەوە، سەردەم سەردەمی شۆڕش کردن بووە، جگە لە هەستی نەتەوایەتی کە پاڵپێوەنەری شۆڕشگێڕەکان بووە هەستی ئایینیش کرایە پاکانەیەکی گونجاوی بەهێز بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی شۆڕشەکە، بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردەواری کە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بووە و زۆرینەیان پێك هێناوە. لەلایەکی تریشەوە نزیکی شۆڕشگێڕە کوردەکان لە مەرکەزی خەلافەتەوە وای کردووە کە بەخێرایی ئەنجامی کاردانەوە بەرامبەر نەمانی خەلافەت دەربکەوێت، تائەو ڕادەیەی کاربکاتە سەر نەخشەو پیلانی کاتی دەستپێ کردنی شۆڕش کە هەنگاوەکانی شۆڕشی لەیەکتر دابڕی و لەهەدێ شوێن دەستپێشخەری کرا کە بووە هۆی ئەوەی بە سەرهەڵدانێکی سەرتاسەری دەستپێ نەکات، هەروەك لەکاتی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا ئەمە بەئاشکرا بەدی دەکەین، کە لایەنگرانی ئایینی نزیك بە شێخ پێش کاتی دیاری کراوی شۆڕش کە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیەوە دیاری کرابوو وەك هەڵچوونێك ئاقاری شۆڕشیان گۆڕی، کە بوو بە هۆی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە بەزوویی. ئەم لەیەك ترازانی بەرژەوەنیانە کێشەیەکن و بوونیان هەبووە و هەیە لەکۆن و لەئێستاشدا، کە پێویستە لەپێناوی نەهێشتنیان کار بکەین و ئەوەش گرنگە کە بزانین کارەکانیشمان نابێت یەك لایەنە بێت. لێرەوە گرنگی لەیەك گەیشتن دەردەکەوێت هەربۆیە دەرخستن و وەبیرهێنانەوەی بەرنامەو خواستی لایەنە سیاسیە جۆراو جۆرەکان کارێکی پێویستە.

لەدەرەوەی کوردستانیشدا پێویستە ئەوەش بزانرێت کە خوێندنگای ئەزهەری میسر سەرچاوەی زانست و زانیاری ئەو سەردەمە بووە، کە زانای شارەزاو بەناوبانگی تیا هەڵکەوتووە، هەربۆیە دەبینین سەرەتای بزووتنەوە و چالاکییەکانی گەڕانەوە بۆ بە شەرعیەت کردنی دەسەڵات و ئامادەکاری لە میسر سەری هەڵداوە، کە لەسەرەتادا و بەنەمانی خەلافەت حەسەن بەننا کەوتە کۆکردنەوەی خوێندکارە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دڵگەرمەکان بۆ خەبەرکردنەوەی کۆمەڵگاکەیان و ئەمەش لە مزگەوت و چایخانەکاندا بە شێوەیەکی ساکار و سەرەتایی داوایان لە خەڵکی دەکرد بۆ توندگرتنی ئایینەکەیان و بەردەوام بوون لەسەر ڕەوتی ئیسلام و سوننەتەکان، بەتایبەتی مامۆستایەکی وەك حەسەن بەننا کەسێکی بەتوانای ئەو دەمە بووە و پیشتریش چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێکی ناو قوتابیانی دامەزراندووە، بەبەردەوامی ئەم داوایانە و هاندان و کۆکردنەوەی خویندکاران و کەسانی شارەزا توانی لە ساڵی 1928 دا ڕێکخراوێکی میانڕەو و کۆمەڵایەتی پێکبهێنێت بەناوی ئیخوان موسلیمین کە پاشان کرایە ڕێکخراوێکی فراوانی ناوخۆ و دەرەوەی میسر و ئێستاش لە چەندین ووڵاتی سەر زەمیندا بوونیان هەیە، کە بەلای منەوە تەواو کەر و تۆکمە کردنی چالاکییەکانی ئیسلامی سیاسیە، نەك سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی وەك زۆرینەی نوسەران وای دادەنێن، بەو مانایەی ئیسلامی سیاسی یان ئیسلامی چالاك ئەرکی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ناشەرعیە.

ئەم هەنگاوەی ئەتاتورك ئەنجامی زۆر خراپی لێ وەشایەوە، لەلایەکەوە دەوڵەتەکەی کردە دەوڵەتێکی تورانی ووشکی نەگۆڕ بەدامەزراندنی ستراتیژیەکی ڕەسمی بۆ دەوڵەت، کە هەتا ئێستاش پێوە دەناڵێنن و هیچ هەنگاوێکیان بۆ نانرێت بەرەو گۆڕانکاری، نە بەرەو نزیکبوونەوەیان لە ئەوروپا کە خەوی پێوە دەبینن و نە بەرەو ئەو دیموکراتی و ئازادیەی کە مافی گەلێکی چەند ملیۆنی وەك کوردی تیا بپارێزرێت، لەلایەکی تریشەوە نەوەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەی کردە دژی یەك کە لەژێر سایەی عوسمانیەکاندا بوون کە پێش ئەوە هیچ کێشەیەکیان لەنێواندا نەبووە، ئەو گەلانە لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتێکی فراوانی دواکەوتوودا تارادەیەك ئارام بوون و پێیشی ڕازی بوون ئەگەر کەمێك گۆڕانکاری بکرایە، بەڵام ئەمە قەدەری دواکەوتوویی پیاوە نەخۆشەکە بوو و چاوچنۆکی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کۆتاییان بەژیانی هێنا، لەگەڵ ئەوەی بەهۆی دواکەوتووی دەسەڵاتدارانیەوە کرابوویە پیاوە نەخۆشەکە و هیچ پێشکەوتنێکی ئابووری و تەکنەلۆژی بەخۆوە نەدی بەهەمان شێوە بەنەمانیشی ئەتاتورك نائارامیەکی تری بۆ ئەو گەلانە کردە دیاری، بەفرسەتی دەزانم ئەوە بنوسم کە ئەرکی گەورەی کۆمەڵانی خەڵکی ناو تورکیا شۆڕشی گۆڕانکارییە بەسەر ئەو سیستەم و سیاسەتەی کە ئەتاتورك بۆی داڕشتوون بۆ گونجاندنی کۆمەڵگاکەیان لەگەڵ دونیای پێشکەوتووی سەردەمدا.

دیارە گۆڕانکاریەکانی دونیای سەرمایەداری و کاریگەرییان لەسەر ووڵاتانی دواکەوتوو بەزەقی دیارە، زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ووڵاتانی سێیەم و کۆمەڵگاکان لایەنگر و داواکاری ئەو پیشکەوتنانە دەبن کە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن، با هەرچەندە لەبەرژەوەندی ئابووری خۆیشیاندا بێت، بەمەش لایەنگر و دژایەتی کەرانی ئەو گۆڕانکاریانە جیاوازیەکانی نێوان چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگایەك گەورەتر دەکات و هەریەکەیان ئەوی تر یان بە دوا کەوتوو یان بە نۆکەر و کافر دادەنێن یان هەر ناوناتۆرەیەکی تر.

هەربۆیە مەبەستی ئێمە لەم نوسراوەدا دژایەتی کردنی ئەو دابڕانەیە کە وەك میرات بۆمان ماوەتەوە و داکۆکی کردنە لە دەست خستنە دەستی یەکترەوە بۆ نەهێشتن و چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە ڕۆژانە هەستی پێ دەکەین و یەکەم هەنگاویش دانان بە بوونی کێشەکانی ناو خۆمانە، پاشان ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانیەتی کە ئەرکی هەمووانە، کە پێم وایە بە بێ تێگەیشتن لەیەکتر ئەو ئامانجە نایەتە دی، چ لای کەسانی عەلمانی و چ لای کەسانی ئایینی، هیچ لایەکیش ناتوانێت لایەنەکەی تر بنبڕ بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەربۆیە بە گرنگی دەزانم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئەرکانە کەمێك تایبەتمەندێتی بخەمە بەردەم خوێنەر کە بەو هۆیەوە توانیبێتم هەوڵێکی گشتلایەنە بخەینە گەڕ لەپێناوی نەهێشتنی ئەو توندوتیژی و یەکتر ڕەفز کردنەی کە لەناو کوردستانیشدا هەیە.

وەك لەسەرەوە ئیشارەتم پێدا، ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ناشەرعی بە بۆچوونی ئیسلام بە ئەرکێکی سەرشانی موسوڵمانەکان دادەنرێت بۆ ئەوەی عیبادەت و خواپەرستییان لێوەربگیرێت، پێویستە ئەوەش بێنینەوە یاد کە دەسەڵاتی شەرعی ئەو جۆرە دەسەڵاتەیە کە بەرنامەو نێردراوی پەروەرگارێکی دروستکەری ئادەمیزادە و زیاد لە 1400 ساڵ لەمەو بەر نەخشەی بۆ داڕێژراوە، دوای ئەوە تەنها شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی شارەزاکانە کە توانیبێتیان لەو نەخشەیەدا بەرەو گونجاندن هەنگاویان نابێت، ئەگەر ئەوەیشیان کردبێت بۆیان نەبووە لە خاڵە سەرەکیەکانی لابدەن، هەربۆیە دەسەڵاتی شەرعی لە ئایینی ئیسلامدا گەڕانەوەیە بۆ شێوە ژیان و مامەڵەکردنی خەڵکی بۆ قۆناغی سەرەتای ئیسلام کە بە پێی (قورئان و سوننەت) دیاری کراوە.

موسوڵمانان لەوە دڵنیان و وای دادەنێن کە ئایینی ئیسلام لەبەر ئەوەی هیچ ئایینێکی تر بەدوایدا نەهاتووە و نایەت، هەروەك لەدوای پێغەمبەرەوە (د. خ) هیچ پێغەمبەرێکی تر ڕەوانە ناکرێت، مرۆڤیش دروستکراوی پەروەردگارە کەواتە مرۆڤ توانای گۆڕانکاری ویستەکانی خوای گەورەی نییە و نایشکرێت گۆڕانکاری بکرێت لە شێوەو گونجاندنی ئەو بەنامەیەی کە خوا بۆ ئادەمیزادی دیاری کردووە، کەواتە پیرۆزی قورئان و سوننەتەکان پیرۆزییەکی بەردەوامییە و وەك ئەوە وایە کە ئێستا نێردرا بێت و گونجاوی هەموو سەردەمێکە و هەر بەو چاوەوە سەیر دەکرێت.

ئەم بۆچونانە وای کردووە کە چالاکی گەڕان بەدوای ڕەگوڕیشە و بنەماکانی ئایینی ئیسلام و ڕەوتی کۆمەڵگا لەسەر بنەماکانی شەرع بکرێتە ئەرکی موسوڵمانان، کە هەندێ لەو ئیسلامیە چالاکانە تەنانەت هەموو پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیاش ڕەت دەکەنەوە و ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست ئەو ژیانە دادەمەزرێنن کە کاتی خۆی پەیڕەو کراوە، ئەمە بۆچوونی هەندێ لەو گروپانەیە کە بەتوندڕەوترین ئیسلامی چالاك دەناسرێن. کە ڕەنگ بێت لەئەنجامی ئەزموون و ڕۆژگارەوە توانای ژیانیان نەمێنێت بەبێ گۆڕانکاری بەسەر ئەو بۆچونانەدا. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ماوەی پیادەکردنی ئەو بۆچوونانە بدرێت بەهۆی ئەنجامی خراپیەوە لەسەر هەموو کۆمەڵگا و دواکەوتنی هەموو دیاردەیەکی ژیان. کەواتە گرنگە لەوە بگەین کە سنوورێك بۆ هەموو بۆچونێك هەیە و خواستی خزمەت کردن بەمرۆڤ کە هیوای هەموو بۆچونەکانە ڕێگری ئەوەن کە زیانەکانی لایەنێك دەربکەوێت، هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە ناکرێ بڵێین هەموو لایەنگرانی ڕابوونی ئیسلامی و ئیسلامە چالاکەکان لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدان کە توندڕەوەکان گرتویانەتە بەر ئەمان دەکرێ خۆیان بخزێننە نێو کۆمەڵگای سەردەمەوە بە خۆ گونجاندنیان لەگەڵ ڕەوتی مرۆڤایەتیدا، لەلایەکی تریشەوە هەرهەمان کۆمەڵی یەکەم واتە توندڕەوەکانیش توانای دابڕانی یەکجارەکیان نییە لەگەڵ هەموو بوارەکانی تەکنەلۆژیادا بەهۆی سەرهەڵدانی ناهاوسەنگی لە جۆری ژیانی تاك و کۆمەڵەکەیدا هەروەك لە شەڕەکاندا دەیبینین بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و فڕۆکە و جۆرەها تەکنەلۆژیای نوێ کە لەو سەردەمە کۆنانەدا نەبووە.

ئەم ڕاستیانە شاراوە نین، بەڵام بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندیەکانەوە، کار گەشتۆتە نەگونجاندن و پێکدادانی کلتور و هەلسوکەوتی ئەو کەسانەی کە جیاواز لەیەك بیر دەکەنەوە، جا ئایا ئەوانە لە ناو یەك نەتەوەدا بن یان لەدەرەوەی سنووری نەتەوەیەکدا، یان ئایا ئەوانە کەسانی ڕاستگۆی ڕابوونەکە بن یان کەسانی خۆویستی هەلپەرست کە وەك بیانوویەك هەستی ئایینی بەکاردەهێنن بۆ دەسەڵات گرتنە دەست. کۆتایی بەشی دووەم khaledfaraj@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.